www.kurdistannet.org
06/01/2002 23:32

# ڕازێکی پیرۆز

حەمەسەعید حەسەن

دەزانی من چەن شەیدای تۆم؟
هێندەی ئەگەر مەل بوومایە
لە نێو قچتا
هێلانەم چیێ دەکرد بۆ خۆم.
ئەگەر پەپوولە بوومایە
پەنجەکەتم دەکردە مۆم،
تا دەسووتام
لە دەوری تیشکی دەگەڕام.
لاولاو بووایەم
بە بالآتا هەڵدەزنام،
شەنگەدرەختێ بوومایە
سێبەرم هەر بۆ تۆ دەکرد،
پاشای جیهانیش بوومایە
من کوڕنووشم بۆ تۆ دەبرد.
بەفر بووایەم
هەر بەسەر شاخی گەردنی
بڵندی تۆدا دەباریم،
شەماڵ بووایەم
قژی خاوی تۆم دەکردە
هاوڕێی هەمیشەیی یاریم.
باران بووایەم
هەر تۆم بە کێڵگە دەزانی،
چاو بوومایە
تاکوو لێلآییم دادەهات
هەر بۆ جوانی تۆم دەڕوانی.
من نازانم
پەنجەم لەبەر تاڤگەی قژتا
بنوێ خۆشە
یا خەرمانەی دەوری مانگی مەمکۆڵەت بێ ؟
من نازانم

©Kurdistan Net

کۆرپەی دڵم

لە ئامێزی نەرموشلتا

ئێشکگر بێ،

یا هەر تینووی

ئەو سنگە توندوتۆڵەت بێ؟

من نازانم

کە گەلای ژینم دەوەرێ

باسکم لە قەدت ئاڵابێ

خۆشترە یا لە گەردنت؟

بەڵام لەوە بێ گومانم

خۆشە مەرگم بکەوێتە پێش مردنت.

©Kurdistan Nêt